**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٦/١/٢٢**

## بڕیـار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٠٦/١/٢١یدا، پشت بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو ماددەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحیاتەش کە مادەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمانی داوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

**یەکەم:** تەسدیقکردنی پێکهاتنی گرێدراوی نێوان سەرکردایەتی هەردو پارتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن هەردوو رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی ئەمینداری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیەوە، لە (٢٠٠٦/١/٢١)دا دەربارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق ئیمزا کرابوو.

**دووەم:** ئەو پێکهاتنە بەپاشکۆیەکی ئەم بڕیارە لەقەڵەم دەدرێ و لەهەمان رۆژەوە دەخرێتە بەرکارو بڕیارەکە لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com